وەزارەتی رۆشنبیری
زنجیرە کتێبی منداڵان

# خونچەی بەهاران

(شیعر بۆ منداڵان)

نووسینی:

**محەمەد دارياس**

**خاوەنی ئیمتیاز: سامی شۆڕش**
**سەرنووسەر: نیان ئەحمەد**

ناوی کتێب: خونچەی بەهاران
زنجیرەی کتێب: ٩
نووسینی: محەمەد دارياس
دەرهێنانی هونەری: ئاسۆ خالید
وێنەکێش: پەخشان گەلاڵی
پیتچنین: میدیا خالید
سەرپەرشتیاری چاپ: عەبدولقادر عەلی مەردان
ژمارەی سپاردن: (٢٧٢) بۆ ساڵی ٢٠٠٦
چاپ: یەکەم - ٢٠٠٦
چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخی: ٥٠٠ دینارە

پێشکەشە بە:

* هەموو منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان.

* هەموو مرۆڤێکی هەست ناسك و بەهەڵوێست.

* بەو کەسانەی کە شعرو ووشەی کوردیان لا پیرۆزە.

* جیهانی پاك و بێگەردی هەموو منداڵانی سەر زەوی.

* پەپوولە و گوڵ و منداڵ و کۆتر.

محمد داریاس

# بەرایی

ئەدەبی منداڵ: گەرچی پێم وانییە تا ئێستاش لەنێو خۆمان شانازییەک هەبێت بەئەدەبەکەیان..

مرۆی کورد بەدرێژایی مێژوویەکی دوورو درێژ بێ بەش بووبێت لەخودو کەسایەتی خۆشی، تابە مافە مرۆییەکان دەگا، ئەی ئەدەبی منداڵ، یان ئەدەبی ژن دەبێ چی بێ؟!

لەیەک بەستنی ژن و منداڵ جنێودان نییە پێیان، بەقەد ئەوەی هەڵکێشان و پێشێل بوونی مافەکانیانە..

ئێمەی جەنجاڵ و ئاڵۆز، سایکۆلۆژیا وێران، شێواوی داب و نەریت و کەلتوری رۆژهەڵاتی، ئاخۆ چەندێک دەتوانین بەتەکنیک و فانتازیایەکی ستاتیکای رۆح سوکیلەوە، دەلاقەیەک، یان لەپەنجەرەیەکی جیهانە پاک و بێ خەوشەکەی منداڵان سەرخوارکەینەوە!

ئاخۆ ئێمە لەخەم و خەیاڵی منداڵان گەورەترین تا بەتەنیا ئەدەبەکەمان مۆژیاری(نصائح) بێت!

منداڵ سحرێکی بوونەوەرەو تەلیسمی ئەم سیحرەش نەلەدەستی سایکۆلۆژیایەو، نەبەیەک ئاراستەش پەروەردەو کرانەوەی نهێنیەکانی، بەهرەو تواناکانی، غەریزەو ئارەزوەکانی، رەوشت و میزاجەکانی ... تد کۆنترۆل و دەستەمۆ دەکرێن، پێم وایە ئەو کاتە ئەدەبی، یان هونەری منداڵان بەهایەکی دەبێت، کە منداڵانە گوزارشت لەناخێکی منداڵانەو میزاجە چەتون و ئەنانیەت شێتایەتیکانی، واتە بەهەموو ئەو منداڵیەتیەی کە گەورە رەتی دەکاتەوە.. تۆ لەوێوە ئیقاعێک نۆتەیەک بۆ هەمو ئاوازە نەشازەکانی منداڵ بنوسیتەوە، ناکرێ ئەو دەبو هونەر هەمیشە پەروەردەو ریش سپییەتی منداڵ بێت.. لەکاتێکا ئێمە خۆمان تا ئێستاش فەلسەفەیەکی

شێواویشمان نیه بۆ ڕەوتی ژیانی خۆمان.. یان ئێمە خۆمان پەروەردەیەکی سەقەتی ڕۆژگارێکی سەقەتین، دەشمانەوێ سالارو سەروەری منداڵان بین، بەڵام بەچ چەکێکی مەعریفی و سایکۆلۆژی.. تد ئەمانە گەلێک پرسیار دەوروژێن.. بەڵام ئێمە پێمان وایە هێندە گەورەین و پرسیارەکانیش منداڵ بوونەتەوە، ئیدی پرسیارەکانی منداڵانیش هەر مەپرسە!! پێم وایە شاعیران و هونەرمەندان لەکاری منداڵان یەک حەقیقەت هەیە کە ئەگەر ئیمانی پێ بهێن! ئەویش: منداڵ ڕاستە بەجەستە منداڵە، بەڵام گەر پێمان وابێ ئیدی بەواتە باوەکەیشی کە منداڵ منداڵە.. سەر لەبەری تێگەیشتنمان و بەرەنجامەکانیش سەقەت.. ئێمە بۆ ئەوەی خۆمان گەورەکەین ئەبێ خۆمان بەبەژنی بەرزی منداڵەوە هەڵبواسین، بەگەورەیی منداڵ خۆمان مناڵ بەینەوە!

بەهەر حاڵ بۆ من لێرە جێگای هیچ نابێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت بڵێم:

ئەو هەوڵانەی بۆ گوزارشت لەمنداڵ دەدرێن چ بەناوی ئەدەب ، یان هونەر هەوڵی پیرۆزن هەقە پشتیوانیان لێ بکری و گەشەیان پێ بدرێ، ئەم کۆمەڵە شیعرەی هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا (محەمەد داریاس)یش بەدەرنییە لەهەموو ئەو خشتانەی کە کۆشکی جوانی و خەیاڵ لەناخی زارۆکاندا دەنەخشێنێ.

دەست خۆشی لەهاوڕێم لەم هەوڵەو چەندین هەوڵی پێشتریشی.

**مدرک ژاڵی**

**٢٠٠٤/٤/١٠**

# هەڵەبجە

منداڵانی هەڵەبجە — هیواو ئامانج و لەنجە
کارەساتی ئەم شارە — لەنێو جیهاندا دیارە
بەعسی پیسی تاوانبار — نامرۆڤی بەد رەفتار
ژەهری بەسەردارشتین — پێنج هەزاری لێ کوشتین
لای پاشا و گەداو میرمان — هەرگیز ناچێ لەبیرمان
دوژمن لەئاست ئەم کارە — ڕوو ڕەش و شەرمەزارە
لەئەنجام دوژمن بەزی — بۆ کوردیش ما سەربەرزی

٢٠٠٥/٣/١٦


KURDISTAN

# پەپولە

ئەی پەپوولەی باڵ نەخشین
میوانی گوڵی ڕەنگین

هەرچەندە کە بچووکی
ڕازاوەو ئێسک سوکی

گیاندارێکی بێگەردی
سەیرت دەکەم بەوردی

زۆر پاک و ناسک و جوانی
خۆشەویستی هەموانی

بێ زیانی ڕەنگاو ڕەنگی
مات و کپ و بێ دەنگی

ڕایەخت پەرەی گوڵە
ماڵەکەت گەڵا و چڵە

خۆزگە گیانداران وەک تۆ
نەرم و نیان بن لەسەر خۆ

٢٠٠١/٤/٥



# خوێندن

مندالّم پاک و ژیرم
روونە سەرچاوەی بیرم
کارم هەر بە زانینە
زانین سەرچاوەی ژینە
خوێندن چرای ریّگایە
بەنرخە ئەم سەرمایە
بەپێویستی دەزانم
خزمەتی نیشتمانم
بۆیە دەبێ هۆشیار بم
بۆ گەلی خۆم بەکار بم
دەخوێنم تا دەتوانم
ئەرکێکە و لەسەر شانم



# بەرخەکەم

بەرخەکەم ڕەنگی ڕەشە     لەگەڵ ژینم هاوبەشە
دەیشۆم و دەیبڕمەوە     ئینجا جوان دەیسڕمەوە
برسی بێ گیای پێدەدەم     تینوی بێ ئاوی دەدەم
کە دەست دێنم بەپشتی     سەیرم دەکا بەوشتی
ئاگام لێیە هەموو دەم     زۆر جوان بەخێوی دەکەم
دەمناسێ و دێ بەرەو ڕوم     بەباعە باع دێتە دوم
بەرخەکەم جوان و ژیرە     بۆی کڕیوم باپیرە

٢٨-١٢-٢٠٠٣

لەژمارە(٩٣)ی گۆڤاری هەنگ بڵاوکراوەتەوە.



ئۆپەرێت



## پەپوولە

من پەپوولەم زۆر جوانم
لەلای ئێوە میوانم
سەیرم کەن ڕەنگاو ڕەنگم
هێمن و مات و بێدەنگم
ڕایەخم پەڕەی گوڵە
ماڵەکەم گەڵا و چڵە



## هەنگ

گیزە گیز مێش هەنگوینم
کارە سەرچاوەی ژینم
بەرهەمەکەم هەنگوینە
تامی خۆش و شیرینە
کارم زۆرە و خۆم چوکم
گیاندارێکی روح سووکم







## کۆتر

من کۆترم دەخوێنم
بەنەرمی دەتاندوێنم
خۆم کە هێمای ئاشتیمە
سەرچاوەی ئازادیمە
نەرم و نیان و جوانم
خۆشەویستی هەموانم

## منداڵ

من منداڵم هۆشیارم
بەرز و جوانە رەفتارم
کۆشش دەکەم دەخوێنم
داری زانین ئەروێنم
هەربژی ئاشتی و برایی
خۆشە ژینی تەبایی
هەر چوار پێکەوە( پەپوولە،
هەنگ، کۆتر، منداڵ)
واتە ئێمە هەر چوارمان
ڕێک و دروستە کارمان
هەربژی سروشتی جوان
هەر بژی زیندەگی و ژیان
هەروەها زانست و کار
لەگەڵ مرۆڤی هۆشیار

٢٠٠٤-٣-١٥



# منداڵ

من تازە خونچەی باخی بەهارم
پەپوولەی جوانی ناو مێرغوزارم
دڵپاک و بێ گەرد چەشنی ئاوێنە
دەرونم ئێجگار پاک و خاوێنە
گوڵ و ڕێواسی شاخی کوێستانم
لەلای وەنەوشەو نێرگز میوانم
من هاوڕێی ئاشتی و برای ڕاستیمە
دۆستی ئازادی و لای سەربەستیمە
ئەمڕۆ قوتابیم لەسەرەتایی
شانازی دەکەم بێ لەخۆبایی
هیواو ئاواتی دوا ڕۆژی گەلم
ئاسۆی ڕووناکی تازەی دەم کەلم

١٩٧٨/٥/٨



# گفتوگۆ

دەوەرە هاورێ سەرکۆ بکەین هەندێ گفتوگۆ
دەنکێ گەنم و دەنکێ جۆ هاورێی باشین من و تۆ
یەک هەتارو دوو هەنجیر هەربژی منداڵی ژیر
پیرۆزە داری زەیتون هەرگیز ناکەین شەڕە جون
درەخت و گوڵ دەڕوێنین میوە بەبەرهەم دێنین
حەز دەکەم ببمە نۆژدار یا مامۆستاو ئەندازیار
قوتابخانە زۆر خۆشە ماڵی منە و هی تۆشە
دوو کێشکەو سێ ڕیشۆلە ڕەندی زیرەکی پۆلە
سێ شەهێن و چوار لەق لەق هەرگیز ناکەم تەقەتەق
قسەم وەکو گوڵ وایە هەربژی بابەو دایە
کۆششی دەکەم دەخوێنم منیش گوڵت بۆ دێنم
ئیتر بژین بەشادی بەسەر بەستی و ئازادی
بۆ خزمەتی نیشتمان تێدەکۆشین بێ وچان

**لە ژمارە(٨)ی دنیای منداڵان**
**پاشکۆی کوردستان بڵاوکراوەتەوە**

٢٠٠١/٣/١١



# یاری کچان

چەند خۆشە ئەو کاتانە   دەچم بۆ ناو جۆڵلانە
دادەنیشم پاڵ دەکەم   پشت لەژینی تاڵ دەکەم
دەکەم وازی پەتانێ   لەگەڵ خوشکە پەخشانێ
یاخۆ یاری شیشانێ   هەموو کیژێک دەیزانی
پێنج بەرد و کەو مۆریانێ   لەبەر دەرکی کۆڵانێ
خۆشە گەمەی حۆحانێ   لەگەڵ سروەو سەیرانێ





خانی چکۆلەو بوکانێ     یا بوکە بەبارانێ
کەسێ لەناو گەمەدا     جوێنێ بەم و بەو بدا
قژی یەکێ ڕاکێشێ     هەڵبەت دڵمان لێی دێشێ
بێعار بێت و بەد فەساڵ     پێکی ناکەین بەهەر حاڵ
هێمن.. ژیرو لەسەر خۆ     زمان شیرین بێ درۆ
دەبێ یاری ئەو هابێ     ڕەوشتی بەرزی تیا بێ

لە ژمارە (٢٠) دنیای منداڵان پاشکۆی
کوردستان ژمارە (٣٨٣) بڵاوکراوەتەوە

١٩٩٠/٣/٥





# سکاڵایەک

سەرمامە ئەم زستانە    شەختەو بەفر و بارانە
کەچی دەریای نەوتی خۆم    خەمی زۆر زۆر لێدەخۆم
داگیر کراوە بێ شەرم    نابێ دەستی بۆ بەرم
وڵاتم گشت سامانە    عەماری دەخڵ و دانە
کەچی برسی و هەژارم    ڕوت و قوت و بێزارم
ئاخۆ ئەوەی منداڵە    ژیانی وەک ئێمە تاڵە
لەسەر ڕووی ئەم زەمینە    بەشی گریان و شینە؟

١٩٩٢/١/٢٠



# وڵاتەکەم

ولآتەکەم زۆر جوانە   جێی باوو باپیرانە
هەر خۆش بێ دارو بەردی   بەشاخ و دۆڵ و هەردی
جۆگەو کانی و ڕوباری   ئاوی تاڤگەی سازگاری
رازاوەو دڵڕفێنە   تابلۆیەکە بێ وێنە
دارستانی کوێستانی   ڕەزو باخ و بێستانی
جێگای سەیران و گەشتە   چەشنی باخی بەهەشتە

١٩٨٢/٩/٢

لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە(١٣٥١) بڵاوکراوەتەوە.



# زانا

زیرەک بوو کاکە زانا
لەخوێندن دا بەتوانا
هەموو ساڵێ یەکەم بوو
زۆر ئاسوودە و بێ خەم بوو
لەدوای ئەزمون گشت ساڵێ
سەر بەرز بوو لەماڵێ
خەڵاتی پێدرابوو
بۆ هەموو کەس برا بوو
شانازی بوو بۆ باوکی
بۆ براو خوشک و دایکی
لەئەنجام بو بە نۆژدار
ڕوناکی بەخشی بەشار

٢٠٠١/٢/٢٥

لەژمارە(١٣)ی دنیای منداڵان – پاشکۆی کوردستان ژمارە(٣٦٩) بڵاوکراوەتەوە



# هاوارێک

منداڵی کوردستانین ڕوت و برسی و بێ نانین
لەچاو منداڵی دونیا دڵ بە خەم و بەژانین
هەناسە ساردین ئێمە تێدەگەین و دەزانین
کەرستەی خوێندن، یاری نیمانەو پەرێشانین
نابوت و زەرد و لاواز گەر ڕابکەین ناتوانین
بێ مرادین لەم جیهانە نەخۆش و بێ دەرمانین
ئەی منداڵانی جیهان ئێمە کە هاوڕێتانین
چاک بزانن ئێمەی کورد هەژارو بەستەزمانین
کۆترۆکەی سەربڕواین بێ دڵ و سەرو گیانین
هاوارمان کردە ئێوە تەمای یارمەتیتانین

١٩٩٤/٥/١٤


قوتابخانە

# مەکتەب

بۆ مـەکـتـەب وادێمـەوە
بەخـوێنـدن دا دێمـەوە

دێمـەوە لای هاوڕێیـان
دڵ خـۆش دەبمەوە پێیـان

وەرزش... سـرودو نیگار
پەیڕەو دەکـەین وەکـو پار

ڕێزی مـامـۆسـتـا دەگـرین
نمرەی زۆر باش وەردەگـرین

بێگومـان قـوتابخـانە
مـاڵی هەر هەمـومـانە

بـۆیـە دەبـێ بـە چـاکـی
ڕایبـگـریـن زۆر بـە پـاکـی

وەرزی مـەکـتـەب زۆر خـۆشە
خـوێندن سـەرچاوەی هۆشـە

٢٠٠١/٩/١٠


لەدنیای منداڵان ژمارە ١٦٠) پاشکۆی کوردستان ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣- بلاوکراوەتەوە.



# سوودی گیانداران

گیانداران سودیان زۆرە     بەرهەمیان هەمە جۆرە
بزن و گیسک و مەڕۆکە     خوری و موی وەکو لۆکە
بەرهەمی ماست و شیری     ڕۆن و ژاژی و پەنیری
خوری و موی بزن و مەڕە     دەکرێ بەجاجم و بەڕە
دەیچنن زۆر جوان و ورد     بۆ چۆغەو گۆریە و دوگرد
مریشک و قاز و مراوی     خۆشە هێلکەی بەکۆلاوی
کورکەکەی بۆ بالیفە     گۆشتی خۆش و زەریفە

١٩٨٥/١٠/٢٥



# نەریتی ناو خێزان

لەناو خێزان هەموو کات
بەبێ بەزم و کارەسات

دێم و دەچم بەبێ دەنگ
وریاو چاپوک و چەلەنگ

خۆم ون ناکەم کاتی جەم
نانی دەخۆم بەبێ خەم

بەیانی جل دەگۆڕم
ڕاست و چەپم دەنۆڕم

گەر ناردمیان بۆ کارێ
بەسەر چاوم گشت جارێ

بانگم بکەن بۆ گەرماو
خێرا دەڵێم بەسەر چاو

یا ببەن بۆ لای سەرتاش
کردەوەکی جوان و باش


بۆ گشت کارێ ئامادەم
لەدابی خۆم لانادەم

ئەو کاتەی کەمیوان هات
غارنادەمە میوە جات

یا خوێندن و ئەرکی ماڵ
پشت گوێ ناخەم بەهەر حاڵ

دەبێ منداڵ ئەوها بێ
خەڵاتی پێ ڕەوا بێ

١٩٨١/٦/٢٠



# ئاشتی

خۆشە ئاشتی دوور لەشەڕ     تۆپ و فڕۆکەی بەدفەڕ
گوللە و هاوەن و سونگی     بۆ بەکار بێ تاکەنگی؟
خوێنی مرۆڤ بڕێژن     لاشەی گەنجان بنێژن
شەستیر و دۆشکە و موشەک     خزمەتی چیدەکا چەک
شەڕو جەنگی بێ ئامان     نەکەن دەستم بەدامان
خۆشە ئاشتی و برایی     تا بژین بەتەبایی
بژین بەخۆشی و شادی     بەسەربەستی و ئازادی
ئاشتی هەوێنی ژینە     مایەی خۆشی زەمینە

١٩٨٢/٩/٢٣




# ئامۆژگاری

منداڵانی خنجیلە   ئێسک سوک و وردیلە
وەرن بۆ قوتابخانە   خوێندن خۆش و ئاسانە
کاتێ کە دەپەڕنەوە   زۆر جوان ئاوڕ دەنەوە
هەردەم خاوێن و پاک بن   وریا و ژیر و چالاک بن
کۆشش بکەن بخوێنن   داری زانین بڕوێنن
ئێوە هیوای ژیانن   ڕوناکایی جیهانن
کاتی خوێندن بێ دەنگ بن   هێمن بن وەکو هەنگ بن
بەرلەوەی کە نان بخۆن   دەست و چاوتان پاک بشۆن
یاری بکەن پێکەنن   ڕەگی سستی هەڵکەنن
لەوانەی نەخش و نیگار   بکێشن وێنەی نازدار
ئێوەن پەپولەی ڕەنگین   ئێسک سوک و باڵ نەخشین

١٩٩٥/٢/٢٧

لە ژمارە« ٦٠» گۆڤاری هەنگ شوباتی(٢٠٠١) بلاو کراوەتەوە.



# مانگەکانی ساڵ



سەرماو سۆڵەی زستانە
هەرسێ مانگە بیزانە
بەفرانبار و ڕێبەندان
ڕەشەمەش دەبێتە سیان





دوا بەدوای ئەو بەهارە
وەرزی گوڵ و گوڵزارە
مانگی نەورۆز بانە مەڕ
جۆ زەردانیش پیت و فەڕ



ئینجا دوایە هاوینە
گەرمایەکی بەتینە
پوشپەڕ یەک خەرمانان دوو
گەلاوێژی دێتە دوو





دوای ئەمە وەرزی خەزان
ڕەز بەرو گەڵا ڕێزان
سەرما وەرزیش هەر هەوە
بۆ باڵندەش کۆچ ڕەوە
١٩٨٨/١/١

**لەپاشکۆی کوردستانی نوێ ژمارە(١٨٣) هەینی ١٩٩٢/٩/٤ بڵاو کراوەتەوە.**

# پێشمەرگە بچکۆلە

من پێشمەرگەی بچکۆلەم     شێری ئەم شاخ و چۆلەم
ڕیشەی دوژمن دەردێنم     تۆڵەی باوکم دەسێنم
سەنگەرەکەم بەرنادەم     لەمافی خۆم لانادەم
دوژمن گەر بێ من ئاوم     ئەو نێچیرە و من داوم
خەباتم لاڕەوایە     چونکە ئازادی تیایە
پێشمەرگەیەکی دڵسۆزم     گیانفیدای گەل و هۆزم

١٩٩٣/٧/٢

لە ژمارە(١٦٨٢)ی ڕۆژنامەی برایەتی ١٩٩٣/٧/٢ بڵاوکراوەتەوە.



# پشیلە

| | |
|---|---|
| (ئەی پشیلەی ڕەنگینم | زۆر حەز دەکەم بتبینم |
| ئەی پشیلە پشەی خۆم | گیان دارەکەی دەستە مۆم |
| هانی نان و ماست بخۆ | لەلام بەو ئیتر مەڕۆ |
| لەناو ماڵ دێیت و دەچی | کەسێ ناڵێ ئەتۆ چی |
| بۆ لای پزیشک برای | بەدەرمان زۆر پاک شۆرای |
| من پشەی خۆم خۆش دەوێ | هاوڕێمی ڕۆژو شەوێ |
| هەرگیز ئازارت نادەم | هیچ ساتێ برسیت ناکەم |
| پێت دانادەم بەردو دار | ئەی هێسک سوکی نازدار |
| تۆ بەو شێوەی خاوێنی | چەند جاری دەمیاوێنی |
| منیش هەربە گۆرانی | دەت ئاخێوم بەجوانی |

١٩٧٨/٤/٥

**لە ژمارە(٩)ی دنیای منداڵان پاشکۆی کوردستان ژمارە (٣٦١) بلاوکراوەتەوە.**



# ئەندازیار

ئەندازیارم ئەندازیارم
زیرەک و ژیر و هۆشیارم

پێنووسم وا بە دەستەوە
خەریکی نەخشەی تەلارم

دەبا جوان و رازاوە بێ
رێک و پێک بێ گوند و شارم

کۆشش دەکەم هەر دەخوێنم
چوست و چالاک و سەردارم

هەموو ساڵێ یەکەم نەبم
خەوشە بۆ من شەرمەزارم

نیشتمانی خۆم خۆش دەوێ
سەربازێکی وەفادارم

هەر کە دەرچووم جا سەیرم کەن
بۆ گەلی خۆم چەند بەکارم

٢٠٠٤/١٠/١٨



# زانست

هەر زانستە ئیمڕۆکە بەدنیادا دەڕوانی
چەندین جۆرە داهێنان بۆمان دێنتە مەیدانێ

ئێوە وەرن سەیرکەن سەرنج بدەن لەو عیلمە
چۆن ئەو ئاسنە دەفڕێ بەرەو تاقی ئاسمانێ

مرۆڤ کەوا پەیدەبا بەم گەردون و دەریایە
هەموو بەهۆی زانستە زۆر چاک خەڵکی دەیزانێ

بۆیە دەڵێم بخوێنن کۆشش بکەن بەچاکی
دەنا دەبێ ببنە شوان یا بچنە بەر گاڕانێ

کوێر و نەزان وەک یەکن جیهانیان لا تاریکە
هەر زانا باڵا دەستە لەگشت شوێن و زەمانێ

چەرخی زانستە ئێمڕۆ زانین برا گەورەیە
بۆیە دەڵێم خێراکە بیری دواکەوتن دانێ

ئامۆژگاریم ئەوەیە دەی خوێنکاران هەوڵێدەن
مەڵۆی زانست بلێندەکەن وەکو گیشەو خەرمانێ
٢٠٠٤/٨/١٠



## کورتەیەک لەژیانی شاعیر

* ناوی تەواوم (محمد فتح الله سعید)ە.
* سالّی (١٩٥٢) لەشاری کۆیەی ئەدەب و هونەرو کوردایەتی چاوم بەژیان هەلّێناوە.
* هەر لەم شارەدا هەرسێ قۆناغی خوێندنم تەواو کردووە.
* لەسالّی (١٩٧٤) پەیمانگای مامۆستایانی هەولێرم تەواو کردووە.
* لەزۆر کۆڕ کۆبوونەوە سیمینارو مێزگردی ئەدەبی بەشداریم کردووە.
* چەند جارێک چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و رۆژنامەییم لەگەلّ سازکراوە.
* بەرهەمم لەزۆربەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکان بلاّوکراوەتەوە.
* ئەندامم لەیەکێتی نووسەرانی کوردو بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ.
* ئێستا مامۆستام لە قوتابخانەی(میدیای سەرەتایی تێکەلاّو) لە شاری کۆیە.

## چاپ کراوەکانی شاعیر

١- دواساتی لێکدابڕان (شیعر).

٢- سێ نامیلکەی شیعری منداڵان.

أ- گولزاری جگەر گۆشەکان.

ب- جریوەی چۆلەکە.

ج- باخچەی پەپوولان.

# پێرست


| شیعر | لاپەڕە |
|---|---|
| - هەڵەبجە | ٦ |
| - پەپوولە | ٨ |
| - خوێندن | ١٠ |
| - بەرخەکەم | ١٢ |
| - ئۆپەرێت (پەپوولە - هەنگ - کۆتر - منداڵ) | ١٤ - ١٦ |
| - منداڵ | ١٨ |
| - گفتوگۆ | ٢٠ |
| - یاری کچان | ٢٢ |
| - سکاڵایەك | ٢٤ |
| - وڵاتەکەم | ٢٦ |
| - زانا | ٢٨ |
| - هاوارێك | ٣٠ |
| - مەکتەب | ٣٢ |
| - سوودی گیانداران | ٣٤ |
| - نەریتی ناو خێزان | ٣٦ |
| - ئاشتی | ٣٨ |
| - ئامۆژگاری | ٤٠ |
| - مانگەکانی ساڵ | ٤٢ |
| - پێشمەرگە بچکۆڵە | ٤٤ |
| - پشیلە | ٤٦ |
| - ئەندازیار | ٤٨ |
| -زانست | ٥٠ |